مەسرور بارزانی داوای بەهاناوەچوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات

ڕۆژنامەی مۆنیتۆری ئەمریکی، زانیاری لەبارەی ناوەڕۆکی نامەیەکی مەسرور بارزانی بە جۆ بایدن ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند، "سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی داوای لە جۆ بایدن کرد دەستوەردان بکات لە قووبوونەوەی قەیرانەکانی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، ئەمەش ترسی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەک دەووخەت ئەگەر قەیرانەکە بەبێ کۆنترۆڵ جێبهێڵرێت".

لە نامەکدا کە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو (10ـی ئەیلولی 2023) بە کۆشکی سپی گەیشت، بارزانی نوسیویەتی، "ئێستا لە قۆناغێکی دیکەی گرنگی مێژووماندا بەت دەنووسم، لە قۆناغێکدا کە دەترسم لەوانەیە زەحمەتمان هەبێت بەسەریدا زاڵ بین، دەستکاری لە ڕووی ئابوورییەوە و خۆنەشتن لە ڕووی سیاسییەوە، بە یەکەم جار لە ماوەی سەرکایەتیمدا وەک سەرۆک وەزیران، نیگەرانییەکی زەرم هەیە کە ئێم هەمەتە ناڕەوایە دژی ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی داڕمانی قەوارەی هەرێمی کوردستان". هەروەها مەسرور بارزانی لە تەواوی نامەکەیدا نووسی، "ئەمە باوەڕمان وایە کە بەڕووبەڕایەتییەکەتان کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لە بەغدا".

بارزانی لەبارەی توانای واشنتۆن بە چارەسەرکردنی قەیرانەکانی هەرێم وتی، "ئێم قەیرانانە لە کاتێکدا دێت کە گرژییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا زیاد دەکات سەبارەت بە تەرخانکردنی بودجە و

فرەشتنی نەوت و ناوچە دابەشکان"، بارزانی لە کەبوونەوەیەکی ڕۆژی دووشەممەدا لە هەولێر لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق "ئێلینا ڕەمانسکی" داوای بەشداریکردنی زیاتری ئەمریکای کرد بە یارمەتیدان لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا.

ڕۆژنامەی مۆنیتەر ڕوونیکردەوەش، کە لەگەڵ ئەوەی واشنتۆن سەرنجی لەسەر چین و ناکۆکییەکانی ئەکراینایە، نامەکەی بارزانی مەبەستی ئەوەیە کە بەڕێوەبەرایەتی سەرەک جێ بایدن بەرەو کردار هەنگاو بنێت پێش ئەوەی گرژی و توندوتیژی نێوان هەرێم و بەغدا قوڵتر بێت، ڕۆژنامەکە ئاماژەی بە گرژییەکانی هەفتەی ڕابردووی شاری کەرکوکی کرد و هاتووە، هەفتەی ڕابردوو ئەو ڕووداوە لە پارێزگای کەرکوکی دەوەمەند بە نەوت سەریهەڵدا کاتێک گوایە کورد و عەرەب بە پاس لەلایەن گروپە میلیشیا شیعەکانەوە کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن پێکدادانیان کرد لەسەر بەیارەکی دادگا کە ڕێگری لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات لە گەڵانەوەی بارێگاکانی لە بە شارەکە، کە بەهێی چوار کورد کوژران لەو خێپیشاندانانە کە لە کەتاییدا لەلایەن هێزە فیدراڵییەکانەوە بەاویان پێ کرا. هەروەها بەرپرسێکی کورد بە ڕۆژنامەکەی وت: وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕێتیکردەوە لەسەر نامەکە قسە بکات، هەروەها بەرپرسێکی کەشکی سپی لەبارەی پێیوەندییە دیپلۆماسییە تایبەتەکانەوە بە مۆنیتەری ڕاگەیاند، "لەدوان لەسەر پێیوەندییە دیپلۆماسییە تایبەتەکان نادەین"، لەلایەن خێیەوە ڕۆژنامەکە جێختی کردەوە، کە کەشکی سپی وەڵامی نامەکەی بارزانی نەدایەوە تا ئێستا..

هاتووەش، لەو کاتەوەی ئەمریکا عێراقێکی دیموکراتییان درووست کرد لەگەڵ ڕووخاندنی سەدام حسێن لە ساڵی 2003، لایەنەکان ناکۆکییان لەسەر ئەوە هەبوو کە دەبێت چ بەشێک لە بودجەی عێراق بە کوردەکان بچێت، لەگەڵ ئەوەی حکومەتەکانی بەغدا بە شێوەیەکی ئاسایی شکستیان هەناوە لە ڕادەستکردنی ئەو بڕە پارەیەی کە لە هەر کاتێکی دیاریکراودا لەسەری ڕێککەوتبوون، ئەمەش وایکردووە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوە بدات مووچەی فەرمانبەرانی بدات کە مانگانە 625 ملیۆن دۆلار دەبێت.

ڕۆژنامەکە ڕوونیکردەوە، کە لەم ساڵانەی دواییدا، ناکۆکییەکان لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەغدا دەڵێت هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014ەوە بە شێوەیەکی نایاسایی نەوتی عێراقی لە ڕێگەی تورکیاوە دەفرۆشێ بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی فیدراڵی، عێراق بابەتێکی ڕەوانەی دادگایەکی نێودەوڵەتی کرد و تورکیا لە سەرەتای ئەمساڵدا بە بڕی 1.5 ملیار دۆلار سزادرا کاتێک ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی لە پاریس بڕیاری لە بەرژەوەندی بەغدا دا، لە وەڵامدا، تورکیا ڕۆژانە نزیکەی 400 هەزار بەرمیل نەوتی خاوی کوردستان و 75 هەزار بەرمیل نەوتی خاوی عێراقی لە کێڵگەکانی کەرکوکەوە ڕاگرت، هەروەها ئەنقەرە داوا لە بەغدا دەکات واز لە قەرەبووکردنەوەکە بهێنێت و دەسیەیەکی دیکەی دادوەری لە دژی هەبوەشێنێت بەمەبەستی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردن لە بەندەری جیهانی تورکیاوە، ئەمەش کوردەکان بە لایەنی کەمەوە 5 ملیار دۆلار لە داهات بەبەش کرد لەو کاتەوەی هەناردەکردن وەستاوە، بەڵام بارزانی بە بایدنی وت: "بەداخەوە پێتان ڕادەگەیەنم کە ئێوان پێچەوانەیان کردووە، خواستی باشمان

بە ڕازیبوونمان بە بازاڕکردنی نەوت لە ڕێگەی حکومەتی فیدراڵییەوە لە بەرامبەر بەشێکی تەواوی بودجەی فیدراڵیدا بە ئاشکرا لە دەست داوە".

لە تەواوی وتارەکەی ڕۆژنامەی مۆنیتۆری ئەمریکی هاتووە، "ژمارەی ئەو داهاتە نەوتییانەی کە بەڕێنیان پێدراوە بە هەرێمی کوردستان دوای گفتوگۆکانی نێوان بارزانی و بەغدا لە مانگی نیساندا، مانگانە 900 ملیۆن دۆلار بووە"، لێگەڵ ئەوەشدا حکومەتی فیدراڵی زۆر کەمتر دەنێرێت، تەنانەت لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 85 هەزار بەرمیل نەوتی خاویان ناردە بەغدا کە بگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە بەڕێنیان دابوو بەبێ ئەوەی هیچ شتێک وەربگرن، هەروەها لە 2ـی ئەیلول، دەسەڵاتدارانی فیدراڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان ئاگادارکردەوە کە ئامادەیە مانگانە 380 ملیۆن دۆلار قەرز بە هەرێم بدات.

بەرپرسانی هەرێمی کوردستانی عێراق ماوەیەکی زۆرە نائومێدی خێیان دەربڕی لەوەی کە ئەمریکا گرنگی بە دەخێ سەختەکەیان نادات، لێگەڵ ئەوەی هەموو نامەکانیان بە وەڵامن و بەرپرسانی باڵای ئەمریکا چیتر بە هەمان ڕۆژی بەڕێوەبەرایەتییەکەی پێشوو بەشداری ناکەن کاتێک لە بەڕێوەبەرایەتی تەمپ وەزیری وزە مانگانە پێیوەندی تەلەفۆنی لێگەڵ بارزانیدا ئەنجام دەدا.